

ئەفسانە سروش

## گەڕانەوەت

ئەگەر هەر ئەتەوێ

بگەڕێیتەوە

هەرکەنزیک بویتەوە

لەنیشتمانی دڵ

پێشدانانی

کۆڵەپشتی غەریبیت

بۆ ئایەتەکانی چاوەڕوانی، و

گرتنی دەسنوێژەکان

بەفرمێسك!

بۆ فەرزەکانی بێداری شەو، و

هەموو ماچە

تۆمارکراوە کانی سەر

شووشەی پەنجەرەی

شارەکەم

بکەوە سەر ئەژنۆ و

بۆ هەتا هەتایە

بچەمێوە...